ئەم فەرهەنگە چ بۆ کورد و چ بۆ ئەڵمانیش دەبێتە پردێک لە نێوان هەردوو زمانەکەدا، مرۆڤ دەتوانێ بەهۆیەوە بە شێوەیەکی سەربەست لەنێوانیاندا بزوێ . وەک مەرجەپێشینەیەک بزووتنەوەی وەرگێڕان لەم زمانەوە بۆ زمانەکەی تر گەشە پێدەکا. وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەو دوو زمانەدا تا ئێستا بابەتێکی زۆر دەگمەن بووەو و لەمڕۆ بەدواوە بەهۆی ئەم شاکارەوە بەو شێوەیە نامێنێتەوە.

ئەم فەرهەنگە دەیەوێ ئەو دەورەش ببینێ، کە سنووری وتووێژ و لێکتێگەیشتنی نێوان هەردوو کولتوورەکە گەشە پێبدا.

زاڵبوون بەسەر تەنگوچەڵەمەی زماندا داخوازی هەرەگرنگی ئەم فەرهەنگەیە.

فەرهەنگەکە هەوڵی ئەوە دەدا، لە خزمەتی ئەو کوردانەدا بێ، کە بە زمانی ئەڵمانی دەدوێن و ئەو ئەڵمانانەش، کە بایەخ بە زمانی کوردی دەدەن. دەروازەی ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەردوو زمانەکەدا دەکاتەوە، بێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر زمانێکی بێگانەی تری وەک عەرەبی، فارسی یا تورکی.

ئێمە لەم شاکارەشماندا وەک هەموو کارە زانستییەکانی ترمان و وانەوتنەوەکانیشمان هەردوو جۆرە تیپەکەمان بەکار هێناوە. واتە تیپی عەرەبی – کوردی و لاتینی – کوردیش. بەم کارەشمان تا ئێستاش تاکە بنکەی زانستیی کوردیین، کە لەم سەردەمە ناسکەی ژیانی نەتەوەکەدا داوای نزیکبوونەوەی کولتووری نووسین لە کورد بە گشتی دەکا، نەک دوورەپارێزی و دوور کەوتنەوە. بە ڕاستیشی دەزانێ، کە ئەمڕۆ دەبێ هەموو کوردێک هەوڵی فێر بوونی هەردوو جۆرە پیتەکە بدا، تا نزیکبوونەوەیەکی خۆڕسک بێتە کایەوە و لە ئەنجامیشیدا ڕێ بۆ ئەو ڕۆژە خۆش بکرێ، کە دێ و تێیدا کورد دەبێتە خاوەنی یەک کولتووری نووسین.

بە نووسینی ئەم دوو جۆرە تیپەش هەموو کوردێک لە هەر بەشێکی کوردستانەوە هاتبێ، تواناى بەکارهێنانی فەرهەنگەکەی دەبێ، سوودی لێدەبینێ و بەهۆی جۆری نووسینەکەیەوە دەروازەی بەکارهێنانی فەرهەنگەکە و لێتێگەیشتنی بە ڕوودا داناخرێ.

ئێمە لەم کارەماندا بە دڵ ئاوڕمان لەو منداڵە کوردانەش داوەتەوە، کە لە وڵاتەکانی ئەڵمانی زماندا گەورە دەبن و گرفتیان لەگەڵ خوێندنەوەی کوردیدا هەیە. ئەوان بە تیپە لاتینییەکان دەتوانن بە ئاسانی وشە کوردییەکان بخوێننەوە و فێری زمانەکە و شارەزای کولتووری بەرفراوانی نەتەوەکەیان ببن.

دوا وتەمان دووبارە کردنەوەی ئەو نووسینەمانە، کە لە پێشەکی فەرهەنگی کوردی – ئەڵمانی (سۆرانیدا) بەرلە یازدە ساڵ نووسیومانە: «هۆشیاری هەستی نەتەوایەتی لەناو کورددا تا ئێستاش هەر نەمەیوە. بەداخەوە کورد تا ئەمڕۆش شانازی بە خێزان، تیرە، ناوچە و لەم دواییەشدا بە پارتی سیاسییەوە دەکا و خۆی پێدەناسێنێ. ئەمانە لە ڕاستیدا چ لە ڕابردوو چ ئێستا و لە داهاتووشدا هۆکارێکی نابەجێ دەبن و دەبنە تەگەرە بەرامبەر بەچەسپاندنی هەستی یەکبوونی نەتەوەیی کورد.

کوردستان تا ئەمڕۆ یەکێتییەکی ڕامیاری یەکگرتووی بە خۆیەوە نەدیوە، تا لە سای سێبەریدا سستێمێکی هاوبەش بۆ زمان و کولتووری ئەو نەتەوەیە نەشونما بکا.»*****

خۆشحاڵم بەوەی، کە ئەم کارە فەرهەنگیانەی ئێمە هەنگاوی گرنگن بۆ دانانی سستێمێکی هاوبەش بۆ زمان و کولتووری نەتەوەکەمان لە سەردەمی جیهانگیریدا.

بەرلین، ٢٠١٦/١/١٠

فەریاد فازیل عومەر
مامۆستای زمان، ئەدەب و مێژووی کورد
لە زانستگای ئازاد بەرلین و
سەرۆکی ئینستیتووتی خوێندنی کوردی
بەرلین

***** فەرهەنی کوردی – ئەڵمانی (سۆرانی).

زمان، کە کولتوورەکەی زیندوو بوو، ئیتر ئەویش زیندوو دەبێ و خۆی ئاڵوگۆڕ بە دەنگە نەشازەکانی خۆی دەکا و وردەوردە پاکتاویان دەکا و ماڵئاواییان لێدەکا. ئەو وشانەی، کە ئەو دەنگانەیان تێدایە ئیتر وردەوردە بەکار ناهێنرێن و وشەی نوێ جێیان دەگرێتەوە. بە گۆڕینی وێنەی تیپێک لە وشەیەکدا بە وێنەیەکی تر هیچ گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوو نادا، واتە بە گۆڕینی تیپی (ع) بە (ئە) لە وشەی (عەزیز) دا وشەکە لە عەرەبییەوە نابێ بە کوردی.

ئەوەی من ئەمڕۆ لەناو کورددا بەدی دەکەم و هەمیشە هەستم دەڕوشێنێ، ئەوەیە، کە کەم کورد دەبینی، بە زمانێکی پوخت و ڕەوان لەگەڵتدا بدوێ.

بەداخەوە وەک لەسەرەوە باسم کرد، تەنانەت پەروەردەکارانی منداڵانی کوردیش زمانە کوردییەکەیان پوخت و پاراو نییە.

ئێمە زیاد لە چل ساڵی تەمەنمانمان وەک ئەکادیمیکار و مامۆستای زانکۆ بۆ ئەو زمانە تەرخان کردووە.

لە سیوسێ ساڵی ڕابردووی کاری ئەکادیمیماندا وەک مامۆستا لە ئەورپا و بەتایبەتی لە زانکۆی ئازاد لە بەرلین خۆمان بۆ وتنەوەی زمان، ئەدەب و مێژووی کورد تەرخان کردووە . لە ڕووی لێتۆژینەوەشەوە بایەخێکی گرنگمان بە کاری لێکسیکۆلۆژی و دیالێکتۆلۆگی زمانی کوردی داوە. لە هەموو ئەو ساڵانەدا گرنگیمان بە هەر سێ شێوە زمانەکەی کوردی ( کوردیی سەروو، کوردیی ناوەڕاست و کوردیی خواروو ) داوە. هەموو وەرزێک لەو سیوسێ ساڵەی ڕابردوودا سۆرانی و کرمانجیمان وەک وانەی زمان و ڕێزمان وتووەتەوە و لە پاڵیشیاندا هەمیشە وانەیەکی زانستیی زمان، زانستیی ئەدەب و وانەیەکی مێژووی کوردیشمان وتووەتەوە! بۆ کوردیی خوارووش شێوە زمانی زازا و ئەدەبی گۆرانی بەشە هەورامییەکەیمان بەپێی پێویست هەر دوو ساڵ یا سێ ساڵ جارێ بە قوتابییان وتووەتەوە.

بە هۆی جووتە شاکاری فەرهەنگیمانەوە «فەرهەنگی کوردی – ئەڵمانی (کرمانجی)» ١٩٩٢،** «فەرهەنی کوردی – ئەڵمانی (سۆرانی)» ٢٠٠٥*** توانیومانە زیاد لە سەدوبیست هەزار وشەی کوردی بە زمانێکی ئەوروپی، کە ئەویش زمانی ئەڵمانییە بۆ یەکەم جار وەربگێڕین و بڵاوی بکەینەوە. لەو فەرهەنگانەشدا هەوڵی ئەوەمان داوە، کە بەشێکی گرنگی کولتووری کورد لە ڕێی نموونەی ڕستە، پەندیپێشینان، ئیدیەم و بابەتی ئەدەبی و بەشە گرنگەکانی ژیانی کولتووری کوردەوارییەوە، بە ئەوروپا بگەیەنین.

ئەم فەرهەنگەی ئێستا لەبەر دەستتاندایە شاکارێکی بەنرخی ترە، کە بە پێچەوانەی دوو فەرهەنگەکەی ترەوەیە واتە: ئەڵمانی – کوردی یە.

وشەکانی ئەم فەرهەنگە لە فەرهەنگەکانی «ڤاریگ»، «دوودن» ، «پۆنس»****، دەستەیەک کتێبی سەرچاوەکار و هەڵبژاردە لە کۆمەڵێ سەرچاوەی بنچینەیی ئەدەبی و زانستیی ئەڵمانییەوە وەرگیراون.

ئەم فەرهەنگە نزیکەی سەد هەزار وشەی ئەڵمانی تیدا کۆ کراوەتەوە، کە ماناکانیان بە سەدەها هەزار وشەی کوردی لێکدراونەتەوە. ئاوڕ لە هەموو جۆرەکانی زاراوەسازیی ژیانی ڕۆژانە، وەک زاراوەی تەکنیکی، پزیشکی، پیشەگەری، ئۆتومبێل، هاتوچۆ، زانستیی قانوون، بیرکاری، گیانەوەرزانی، زانستیی ڕووەک و ناوی زانستیی گیانلەبەر و ڕووەک دراوەتەوە. وشە گرنگەکانی ئەم فەرهەنگە تەنیا بەوە دەستیان لێهەڵنەگیراوە، کە بە ماناجیاوازەکانیان و فرەماناییان وەرگێڕراونەتە سەر زمانی کوردی، بەڵکە بە سیهەزار نموونەی ڕستە، پەندیپێشینان و ئیدیەم ڕوون و شی کراونەتەوە.

ئەم فەرهەنگە ئەڵمانی – کوردییە شاکارێکە، کە وشە و زاراوەکانی زمانی ئەڵمانی سەردەمیی تێدا کۆ کراوەتەوە. بەم شێوەیە، لەم کارەدا توانراوە، ئاوڕ لە سەرمایەی وشەی زمانی باڵا و زمانی گفتوگۆی ئەڵمانی بدرێتەوە.

ئامانجی فەرهەنگەکە نزیککردنەوەی زمان و کولتووری کوردی و ئەڵمانییە، کە تا ئێستا بۆ یەک واڵا نەبوون و لە ڕووی یەکدا داخراو بوون.

** Feryad Fazil Omar: *Kurdisch-Deutsches Wörterbuch (Kurmancî)*. Berlin: Institut für Kurdische Studien 1992 (2. Aufl. 2000, ISBN 978-3-932574-06-1).

*** Feryad Fazil Omar: *Kurdisch-Deutsches Wörterbuch (Soranî)*. Berlin: Institut für Kurdische Studien 2005 (ISBN 978-3-932574-10-8).

**** *Wahrig, Duden, PONS.*

# پێشەکی

زمانی هەر نەتەوەیەک چەکی دەستێتی و ئامرازی دەربڕینی هەست و ویژدان و ڕۆحیەتی. هەر کەسێکیش بە دڵسۆزی لە کاریگەری ئەو چەکی زمانەی ڕوانی و توانی بەردێک بە ڕاستی و دروستی لەسەر ئەو بنچینەی زمانە دابنێ، ئەوە ئەو کەسە خزمەتێکی گەورەی بە بوونی نەتەوەکە کردووە.

هەرکەسێکیش ناشیانە و نەشارەزایانە دەستی بۆ ئەو زمانە برد و وەک خۆی بەکاری نەهێنا، بێگومان ویژدانی نەتەوەکەی ڕووشاندووە و لەباتی سوود زیانێکی گەورەی بە کولتووری ئەو نەتەوەیە گەیاندووە.

ئەوانەی ئەمڕۆ لە مەیدانی لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردیدا لە کاردان و کاران، بە ژمارە هەر زۆر زۆر کەمن! بەکورتییەکەی ئەمڕۆ نەشارەزایانی زمانی کوردی، کە ڕەنگە خۆشیان پێینەزانن، زۆر زۆر لە شارەزایان زیاترن، هەرئەمەش وای کردووە، کە ژمارەی ئەوانەی بە پوختی بە کوردی دەنووسن یا دەدوێن، تا دەبێ لە کەم بوونەوەدایە! ئەگەر مامۆستایەک خۆی زمانێک بە باشی نەزانێ، چۆن لە توانایدا دەبێ، قوتابییەکانی فێری دەستووری زمانەکە بکا! کتێبی قوتابخانەکانی کوردستانیش ئەوەندە هەڵەوپەڵەیان تێدایە، کە دەتوانم بڵێم، ئەگەر دایکوباوکێکی زمانپاراو لەماڵەوە زمانی منداڵەکەیان بە کوردییەکی باش پژاند، کە منداڵەکە چووە قوتابخانە سەری لێتێکدەدرێ و زمانە پاراوەکەی ماڵیشەوەی لەبیر دەبرێتەوە، بەکورتییەکەی دایکوباوکەکە منداڵەکەیان بۆ ڕیش بۆ قوتابخانە نارد و منداڵە بەسەزمانەکە سمێڵیشی نایە بانی.

زمان ڕەنگدانەوەی جۆری بیرکردنەوە و هەست و حەزەکانی مرۆڤە! دەروونی هەر نەتەوەیەکیش قاڵبووی بەشێکی گرنگی کولتوورەکەیەتی، ئەگەر کولتووری هەر نەتەوەیەکیش بەڕێکوپێک و دروستی لە جمووجۆڵدا بێ، ئەوا زمانەکەشی زیندووە و خۆی لەگەڵیدا دەگونجێنێ و دەیبووژێنێتەوە.

هەندێ لەو کارە فەرهەنگیانەی، کە لەساڵانی ڕابردوودا زۆر و بۆر بڵاو کراونەتەوە، بە بیروڕای ئێمە بەهۆی زۆروبۆرییەکەیانەوە زیانیان لە سوودیان زیاتر بووە. نەوەیەکیان پێنەگەیاندووە، کە ببنە دۆستی فەرهەنگ و بەکاری بهێنن. زۆربەی زۆری ئەو فەرهەنگانە لەلایەن کەسانی ناشی بە زانستیی لێکسیکۆلۆژییەوە نووسراون. کارەکانیان تەنیا لە وشە کۆکردنەوە، کۆپیکردنی فەرهەنگەکانی تر، دزییەکی کوتومتی بەرهەمی ئەقڵی نووسەری تر یا وەرگرتنی فەرهەنگێکی دووزمانی و وەرگێڕانی لە زمانێکیانەوە بۆ زمانی کوردی، پێکهاتووە. ئەم جۆرە کارانە ئەگەر خزمەتیشیان لەباردا بێ، پانتایی خزمەتکردنەکەیان زۆر سنووردار دەبێ، چونکە ئەو کەسە یا ئەو کەسانە زمانی گفتوگۆی خۆیان لە وەرگێڕانەکاندا بەکار دەهێنن و بەپێی بۆچوونی خۆیان وشەکان وەردەگێڕن. لێرەدا ناکرێ باسی ئەو کارە فەرهەنگیانەش نەکرێ، کە بۆ مەبەستی بازرگانی ئەنجام دەدرێن، کە بەداخەوە بازرگانەکان زۆر ناهەستیارانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و زیانی گەورە گەورە بە زمانەکەمان دەگەیەنن.

ئەوەی دڵی من لەو کارە فەرهەنگیانە زیاتر کرمێ دەکا، ئەوەیە کە تەنانەت خاوەنەکانیان وشەکانیشیان لامسەرلایی واتە لە گۆترە بە ئەلفبێیەک ڕیز کردووە، کە خۆشیان بەتەواوی لە سستێمی ڕیزکردنی ئەلفبێیەکە تێناگەن، چ جای ئەوانەی کە فەرهەنگەکە بەکار دەهێنن، تا بزانن چ تیپێک لەدوای چ تیپێکەوە دێ.

ئەم ڕەخنەیە تەنانەت وەزارەتی پەروەردەی کوردستانیش دەگرێتەوە، کە منداڵ فێری زمانی کوردی دەکەن، بێ ئەوەی تیپەکانی ئەلفبێی کوردیان بەڕیزکراوی لە لاپەڕەی کتێبێکدا بەتایبەتیش لە کتێبی پۆلی یەکی بنەڕەتیدا پێوترابێتەوە*.

کەسانێکیش هەن، لەبەر کورەی گەرمدا دانیشتوون و تفەنگ بە تاریکە شەوەوە دەنێن و پڕکێشی ئەوە دەکەن، کە ڕێ بە خۆیان بدەن، هەر ڕۆژە و وشەیەک دابتاشن و هەر لە خۆیانەوە و بەهەر بیانوویەکی نەتەوەپەرستییەوە بێ، تیپێک لە زمانەکە بقرتێنن، کە گوایە تیپەکە عەرەبییە و بێگانەیە، نابێ بەکار بهێنرێ! ئەوانە دەستەیەکی خەیاڵپڵاون و ئاگاداری زانستیی زمان نین و لەم تەمەنەیاندا هەمیشە زیانیان لە سوودیان بۆ زمانەکە زیاتر بووە.

* ئێمە لەساڵی ٢٠٠٧دا لەلایەن وەزیری پەروەردەی کوردستانەوە ڕاسپێرراین بۆ نوێکردنەوە و دانانی دەستوورێکی یەکگرتووی ڕێزمانی بۆ کتێبەکانی خوێندنەوەی کوردیی قوتابخانە بنەڕەتییەکان، لەو کاتەدا ئێمە بە نووسراوێکی ڕەسمی وەزارەتمان لەو بۆشاییە ئاگادار کردەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین، تا ئەمڕۆ ئەو کارە پەیڕەو نەکراوە و بۆشاییەکەش پڕ نەکراوەتەوە (باسی وەزارەتی پەروەردەی کوردستان زۆر لەمە زیاتر هەڵدەگرێ و لە کات و ساتی خۆیدا دێمەوە سەری و لێیدەدوێم.)